KURDISTAN NET کوردستان نێت

## بەر لەهاتنی تۆ

**ڕێباز مەحمود**

بەر لەهاتنی تۆ،
من ڕووم لە هەیبەتی زەمەن وەردەگێڕاو
بە عاجزی لە سنورەکانی خۆمو دونیا ئەپەڕیمەوە.ـ
بەناو دارستانی هەزار بەهەزاری خەیاڵدا
تا،ناو هاوینەهەوارەکانی وەهم ئەڕۆیشتمو
ئەمویست لەلوتکە بڵندەکانی سوربوونمەوە
خەونەکان لەگەڵ خۆمدا بۆناو ژیان بهێنمە خوارێ
ئەمویست لەمەملەکەتی خۆزگە بەهەشتیە دێرینەکانەوە
بەناو ژیاندا،
جادە لێدەم بۆناو قەرەباڵغی.ـ
ئەمویست پێش ڕۆژە بێ ڕەحمەکان بگەمە
(ئاینده) و
بیهێنمو ـ ـ بیخەمە،
ناو دەستە قڵیشاوەکانی باوکمەوە ـ ـ ـ
نەمدەزانی ژیان هێندە سرکە ناکرێ بیگرینو
بیهێنین ـ ـ بەتەپوتۆزی ئاشووبوخوێنو
هەموو پەڵە ناشیرینەکانی تریەوە ـ ـ
لەژێر قەڵبەزەی پاکییدا،
بیشۆینەوە!
زۆر ڕەت بووبووم،بۆیە هەموو جارێ
لەئاوڕدانەوەکانمدا،
تەڕی بارانم ئەنوسییەوەو
بەموسافیرەکانی خۆش خەیاڵیما
بۆ وەردە تینووەکانی بێبارانیو
بێحاسڵی دوێنێم ئەناردەوە.ـ
بەر لەهاتنی تۆ،
من بەدەشتی کاکی بە کاکی خەیاڵدا ئەڕۆیشتمو
لەسەر کانییەکانی دوورەپەرێزی ئاوم ئەخواردەوەو
لەبەندەنی فرسەتەکانیشەوە ـ ـ ڕۆحم لەگەڵ شیوبای تێڕاماندا
ئەڕۆشتە خوارێو بۆنی بەهاری ئەبرد
بۆ لەحزە شەرمنەکانی ناو ماڵەکانی گۆشەگیری.ـ
تا ـ ـ تۆهاتیو بەشێنەیی
لەناو ئاسمانی خەونە دوورەکانا،داتگرتمو
بێ ئەوەی بهێڵی دڵم بکەوێتە خوارەوەو ـ ـ بشکێ
هێناتمە سەر زەوی،
بۆناو باوەشی میهرەبانی خۆت!!
لەپەرێزی دەغڵە سووتاوەکانی بیرەوەریدا
دەرت هێنامو

لەهەورازەکانی ڕابوردوودا
کە،هەموو کانیاوەکانی وشکایی هاتوونو
غەدر- لەوێدا جێی هێشتبووم - -
هێناتمە سەرەوە :
بۆناو مێرگە تەڕەکانی ماچو
بۆبەردەم دیداری خۆت!!
من- - بەر لەهاتنی تۆ
ژیان فەرامۆشی کردبووم..
وەک فەرامۆش کردنی گەڵا سەوزەکانی مەحەبەت
بەلقی ڕۆژە ساردەکانەوە..
کەڕۆحی کەس بەدەرەوە نیەو
دڵەکان دەرگا لەیەکتر ناکەنەوە - -
تا- - هاتیو
بەیانیانێکی وات بەبێدەنگیم بەخشی
کە ڕووخۆشی هەر گەڵاو گوڵێکی
بەدرێژایی ڕێگا فێنکەکانی پیاسەدا
پێش بڕکێیەتی لەگەڵ زەمانو
لەگەڵ مردنو
کەچی ئەیباتەوە !
بەر لەهاتنی تۆ ،
سەربانی هەموو شەوەکانم ،
لەژێر لێزمەی سامناکیدا بوو - -
دڵۆپەی تەنهایییەکی زەرد باوو سارد
ئەچۆڕایە دڵمەوە
تا- - دەستت برد
هەورەکانت لەئاسمانی غەریبیم - -
تەمت لەپەنجەرەی ڕوانینم
سڕییەوە
کە عومرێکی شەرمنم لەودیویەوە
چووبوەوە ناو خۆییو
وەک پیاوێکی بەساڵاچوو کە ئیتر دەرەقەتی
هیچ نایەت - -
تەنیا بەگژ غایەڵەدا ئەچوو !
بەرلەهاتنی تۆ ،
ڕۆحم باڵندەیەک بوو
ئەموت: قەت ناگاتە هیچ کوێ !
دڵم گۆرانییەک بوو
ئەموت: حەتمەن ڕەق ئەبێتەوە - - !
کە زوقم - - پردی هەموو حیوارێکی داپۆشیوەو
لاڕێی هەموو ڕازێک ،
ئەژنۆیەک بەفری تیاباریوە !

که لافاو دێته حەوشەکانی ماڵ
بەیانی باشو
لاولاوی گەشاوەی بەرائەت ڕائەماڵێ - -
که بەچنگو نینۆک
خۆیان بەبەر پەنجەرە تەڕەکانی،
ژووره خەواڵووەکانی بەیانییەوە هەڵواسیوە !
که وەیشومەی فیراق
کوخەکانی سادەییو
ئاواییە دووره دەستەکانی قەراغ مانگەشەوی
دڵسافی جارانمانی،
تێکوپێک داوە !
تا - هاتیو
عاقیبەت سەفەرەکانم
لەناو دڵی تۆدا - - که لەهەرێمی چارەنووسی خۆمدایە
کۆتاییان هات -
من - - بەهەگبەی پڕ کارەساتو لەحزەی کوژراوەمەوە
بەناو وردە شووشەی دڵشکاوی خۆما هاتمو
گەیشتمە بەر پلوسکی عەشقت - -
لەچیرۆکە ناخۆشەکانی خۆمەوە،
بەناو دواین دێڕی تەڕو تووشی غوربەتا هاتمو
گەیشتمە گەرمای باوەشت - -
تۆش - - هاتیو
توانیت لەناو تەرمی ئەم گەڵا وەریوانەدا،
مێرگوزارێک جوانی لەزەینمدا سەوز کەی - -
وە لەسۆزی خۆتەوە
جۆگەلەی ڕوون،ڕوون لێدەی،
بۆناو دێبەری تینوێتیم !
که - - ئاوابوون
لەدەم کەلی هەموو فەرامۆش کردنێکدایەو
خۆر، لەکەمترین بەیانیانی
خۆ بیننەوە،
لەسەر شۆستە بەستووەکانی،
دووبارە بوونەوە - -
ئای - - کەتۆ،
خۆرێکی ترو - - -
منیش هەمان،
بەستەڵەکی جارانی،
خۆم - - بووم - - !

تەموزی ٢٠٠٤ England-hull

rebazmahmud@hotmail.com